کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
9-7-2007 22:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ کوێ هەڵدێن قوڕتان بەسەر تا مردن بە دواتانەوەین ... عەلی مەحمود محەمەد**

www. anfal. be



ئەنفال گەورەترین تاوان بوو ڕژێمی بەعس لە مێژووی خۆیدا ئەنجامی دا، نەك تەنها بەرامبەر بە کورد بەڵکە لە هەمبەر هەموو عێراقییەکان، ئەگەر کوردیش بەشێك بێت لێی وەك ئەوانەی تیکە چەورەکەیان لە بەغداوەیە وای باس دەکەن، کەچی لە دەستپێکی دادگادا تەنها 7 تاوانکار لە سەری دادگاییکران، 37 دیکەش بڕیاری گرتنیان بۆ دەرکرا، زۆربەی ئەوانەی کورد بوون لەو ناوانە، لەو کوردستانەی دەیان هەزار قارەمانی بەدەم وتنەوەی دروشمی کوردستان یان نەمانەوە، بە گولە و خیانەتی ئەوان شەهیدکران، هەندێکیان هەزار هەزار ئەنفالکراویان ڕاپێچی کێڵگەکانی مەرگ کرد، ئێستا ئازادانە لەسەر زەوی ئەم کوردستانە بە خوێن سورکراوە دەسوڕێنەوە، خاوەندی مافی دیوەخانانە و ماقوڵانەو شێرانەن، تەنانەت لە نێویان کەسی وا هەیە، لە بەغدا لە لایەن تیرۆریستانەوە گیراوە، لە کەرکووك بەرپرسی حیزبی ماڵ بە ماڵ دەرۆزەی بۆ بەردانی کردووە، تەنها لەبەر ئەوەی سەر بە یەك عەشیرەتن، ئەوە لەوانەش بگەڕێ تیایان هەیە، شەهیدانەکەی لە پێش ئەنفالکراوانەوە، بە دەیان جار زیاترەوە بێ کەلێن تێکەوتن، مانگانە ئامادەیە.

کەچی لە بەرامبەردا وەك دەبینین، لە پای تاوانی سەرکوتکردنی ڕاپەڕین تاکو ئەم چرکە ساتە، 1700 تاوانکار گیراوە، 4000یش لە لایەن دادگاوە بڕیاری گرتنیان بۆ دەرکراوە، چەند هەزاری دیکەش هەر هەڵنەگرتران بۆ لێپرسینەوەی دادگا، نەبوون بە خاوەند سەری خۆشیان تاکو بۆ تەڵقینەکە بناسرێنەوە، لەو ژمارانەی دادگاییدەکرێن داخوا دەبێت چەندیان پشکدار بوبێتن لەسەرکوتی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان؟، ترسی ئەوەم هەیە ڕاپەڕینی کوردستان نەچوبێتە مێژووەوە!خەلتان خوێنکردنیشی کەسی لەسەر دادگایی نەکرێت؟، لە ڕاستیدا ئێمە نەتەوەیەکی ئەوەندە بەخشندەین، هێلنجمان بە دادگاو قینمان لە دادگاییکردن دەبێتەوە. ، وەك دەبینین جیاوازی ژمارەی تاوانکارانی ڕاپەڕین و ئەنفال 1 بۆ 100ە، تەنانەت لەو 44 کەسەی لە دەستپێکی دادگا وەك تاوانکار ناسێنران، تەنها یەکێکیشیان لە لایەن کوردەوە تەسلیم بە دادگا نەکرا.

بلا وەك بینیمان تاکو ئێستا لە پای کارەساتی مەزنی ئەنفال تەنها " 423+7 " کەس بە فەرمی بڕیاری دادگاییکردنیان دراوە، هەرچەندە متمانەم وایە، پرۆسەی دووەمی دادگا بچێتە پێش، ئەوانیش چەند ئەوەندەی دیکە لەگەڵ خۆیان ڕادەکێشن، وا باوە نێچیر نێچیر ڕاودەکات، کەس باز بە بان بکوژی خۆشەویستەکەیا نادات، کە بگاتە کاتی هەرا، هەر ئەوەندە متمانە بە دادگا پەیداکرا، هەر پیرێژنەیە بە دوای بکوژی کورە تاقانەکەیا دەیکاتە هەڵا. ئێستا تاوانکاران هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەمدا نەماوە، بڕیاری لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانیش بەیەك سەلکە تور، یان ئامادە بوون لە بەردەم دادگا، یان هەڵتروشکان تاکو مردن لە کونجێکی ناخۆشی وڵاتێکی عەرەبی، تەنانەت ئەوانەشی لە ئەوروپان ئەوا بەپێی پێوەرە جیهانیەکان نەك مافی پەنابەرییان هەڵدەوەشێتەوە، بەڵکە دەبن بە نیعمەت بۆ پرۆسەی بە ژینۆسایدناسینی ئەنفال لە ئاستی جیهانی، ئەوە لەوەش بگەڕێن کێشەش کێشە ڕادەکێشێت، ئەنفال شەڕی ناوخۆیی، برسێتی گەندەڵی، جاشایەتی ڕایەڵەکانی بەعس و پارتە کوردیەکان، ئەشکەنجە زیندان.... ، کەواتە گوڵ لێرەیە با هەر لێرە سەمای بۆ بکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.